NHS
Oxfordshire
Clinical Commissioning Group

# تەندروستیت
# خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی -
# ئێن ئێچ ئێس (NHS)



ئەم بڵاڤۆکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خزمەتگوزاری
تەندروستی نیشتمانی (NHS) لە بەریتانیا چۆن کار دەکات.

# خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی سەرپەرشتی تەندروستی لە بەریتانیا دابین دەکات. لە هەموو سەرپەرشتییەکی پزیشکیدا نهێنیپاریزی ڕەچاو دەکرێت.

## ئایا چۆن یارمەتیم دەستگیر دەبێت سەبارەت بە تەندروستیم؟

ئەگەر نەخۆشیت یان خەمی تەندروستی خۆت یان کەسێکی تری خێزانەکەتە، دەبێت بچیت بۆلای دوکتۆری ناوچەکەی خۆت، کە پێی دەڵێن پزیشکی گشتی - جی پی (GP). کلینیکی جی پی پێی دەڵێن نۆرینگە (surgery) یان بنکەی تەندروستی.

دەبێت بە زووترین کاتی گونجاو لەلای نۆرینگەیەکی جی پی لە ناوچەکەی خۆتدا ناوی خۆت تۆمار بکەیت بۆئەوەی ئەگەر پێویستیت پێی بێت بتوانیت سەرپەرشتی پزیشکی بەدەست بهێنیت. بۆ ئەوەی ناوت تۆمار بکەن دەبێت ناو، بەرواری لەدایکبوون، ناونیشان و ژمارە تەلەفونی خۆتیان بدەیتێ ئەگەر هەتبێت.

## ئایا چۆن دیدار دابنێم؟

بەر لەوەی کە سەردانی جی پی یان هەر کام لە پەرستارەکان بکەیت لە نۆرینگەکە تۆ بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت دیدارێک دابنێیت ئیتر خۆت بچیت بۆئەوێ یان تەلەفون بکەیت. دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە دوکتۆر یان پەرستیارێکی پیاو یان ژن بتبینێت، ئەگەرچی ئەوە ڕەنگە هەموو کاتێك نەکرێت بهێنرێتە دی.

## ئەی چی ڕوو دەدات ئەگەر بە ئینگلیزی قسە نەکەم؟

ئەگەر پێویستیت بە وەرگێرە دەبێت کاتێك کە دیدارەکەت دادەنێیت بە کارمەندی پرسگە بڵێیت کە بە چ زمانێك قسە دەکەیت و ئەوانیش وەرگێرێکت بۆ دەگرن یان وەرگێرێکت بۆ دەهێننە سەر تەلەفون. ئەوە گرنگە کە تۆ و دوکتۆرەکەت لەیەك تێبگەن بۆئەوەی بتوانیت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کێشەکەت دەستنیشان بکات.



## ئایا کێی تر لەگەڵ جی پی من کار دەکات؟

- پەرستارەکان گەلێك پێداویستی تەندروستی جێبەجێ دەکەن لەوانە کوتان، ڕێنمایی بۆ بەرگرتن لە منداڵبوون، نەخۆشی درێژخایەنی وەك شەکرە و هەروەها دەتوانن ڕێنمایی تەندروستی گشتی بدەن بە خەڵك.
- مامانەکان چاودێری ژنانی دووگیان و کۆرپە تازە لەدایکبووەکانیان دەکەن. سەرپەرشتی بەر لە لەدایکبوونی کۆرپەکە پێی دەڵێن 'بەر لە لەدایکبوون' و دوای لەدایکبوونیش پێی دەڵێن 'دوای لەدایکبوون'.
- سەردانکارانی تەندروستی ئەو پەرستارانەن کە تایبەتمەندن لە سەرپەرشتی منداڵان و خێزانەکانیاندا و لە یارمەتیدانی خەڵکدا بۆئەوەی تەندروست بن. ئەوان ڕەنگە بێن و لەماڵەوە سەردانت بکەن.




## کاتێك کە نۆڕینگەی جی پی داخراوە

نۆڕینگەی جی پی بە شێوەیەکی ئاسایی کراوەیە لە 8 بەیانی هەتا 6.30 ئێوارە دووشەممە-هەینی. لە هەموو کاتێکی تردا تەلەفون بکە بۆ 111.

ماوەی دوای دەوام لە 6.30 ئێوارە دەبێت بۆ 8 بەیانی لە ڕۆژانی هەفتەدا وە لە کۆتایی هەفتە و بانك هۆڵیدەیدا هەموو کاتێك هەر وەها دادەنرێت.

ئەگەر شتێکی کوتوپڕی جدیی نەبوو تەلەفون بکە بۆ 111. 111 کراوەیە 24 کاتژمێر شەو و ڕۆژ، 7 ڕۆژ لە هەفتەدا. ئەوان دەتوانن ڕێنمایی پزیشکی و وردەکارییەکانی باشترین خزمەتگوزاری خۆجێیی فەراهەم بکەن کە بتوانن سەرپەرشتی دەستەبەر بکەن. ڕاوێژکاری تەلەفونی و جیاکردنەوە (هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە کێشە تەندروستییەکەی تۆ چەندە بەپەلەیە) بەشێکی گرنگی هەموو سەرپەرشتی دوای دەوامە.

ئەگەر زمانی یەکەمی تۆ ئینگلیزی نیە ئەوا تکایە ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەیت بەو کەسەی سەر تەلەفونەکە بڵێ.

## چاودێری ددان

ئەگەر کێشەی ددانت هەبوو دەبێت بچیت بۆلای پزیشکی ددان. بۆئەوەی چارەسەری ددانت لەسەر ئێن ئێچ ئێس بۆ بکرێت دەبێت لەلای پزیشکێکی ددان ناوی خۆت تۆمار بکەیت کە کار بۆ ئێن ئێچ ئێس بکات. ئەگەر کێشەت هەبوو لە خۆتۆمارکردندا لەلای پزیشکی ددان ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی دەموددان لە ئۆسکفۆردشایەر بکەیت 01865337267. بۆ سەرپەرشتی دەموددان ڕەنگە پارەت لێ بسێنن.

## چاو

ئەگەر ویستت پشکنینی چاوت بۆ بکرێت یاخود پێویستیت بە چاویلکەی نوێ بوو دیدارێك دابنێ لەگەڵ پشکنەری چاو. ئەوان لە زۆربەی ناوەندی شارەکاندا دوکانیان هەیە. بۆ سەرپەرشتی چاو ڕەنگە پارەت لێ بسێنن.

## دەرمانخانە

دەرمانخانە دەتوانن چەندەها چارەسەری ئاسایی فەراهەم بکەن کە دەکرێت بکڕرێن بۆ چەندەها کێشەی بچوك وەك کۆکە، سەرمابوون، قورگ یەشە و تێکچوونی گەدە. زۆر لە سوپەرمارکێتە گەورەکان ئێستا بەشی دەرمانخانەیان هەیە. دەرمانسازەکان دەتوانن بۆ کێشەی سادە ڕێنماییت بدەنێ و ئەو ڕەچەتەی دەرمانانە جێبەجێ بکەن کە ڕەنگە جی پی خۆت بتداتێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی یان زامارییەکانت. بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەوانە دەبێت پارە بدەیت بەڵام هەندێك کەس شمولی ڕەچەتەی خۆڕایی دەکەن وەك ئەوانەی کە تەمەنیان لە 60 ساڵ بەرەوژوورە، ئەو ژنانەی کە چاوەڕوانی منداڵبوون دەکەن یاخود ئەو کەسانەی کە دەستگیرۆیی وەردەگرن.

# پەیوەندی بەسوود

## NHS 111 — 111

ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی پزیشکی خێرا بوو NHS 111 یەکسەر ئاراستەت دەکات بۆلای ئەو خزمەتگوزارییە خۆجێییەی کە دەتوانێت بەباشترین شێوە یارمەتیت بدات.

## بنکەی پەیوەندی نیشتمانی لە ئێن ئێچ ئێس ئینگلتەرە — 0300 3112233

ڕێنمایی لەسەر ئەوەی کە چۆن لەلای جی پی یان پزیشکی ددان ناوی خۆت تۆمار بکەیت یاخود کێشە لەگەڵ جی پی یان پزیشکی ددان.

## هێڵی یارمەتی دەموددان لە ئێن ئێچ ئێس ئۆکسفۆردشایەر — 01865 337267

یارمەتیدان بۆ دۆزینەوەی پزیشکی ددان

## خزمەتگوزاری دەموددان لە دوای دەوام — 111

ڕێنمایی کوتوپری دەموددان یاخود چارەسەر کاتێك کە نۆرینگەی پزیشکی ددانی خۆت داخراوە

## ماڵپەڕی بژاردەکانی ئێن ئێچ ئێس — www.nhs.uk/Pages/HomePage.aspx

زانیاری سەر ئینتەرنێت سەبارەت بە خزمەتگوزاری لە نزیکی خۆت

## خزمەتگوزارییە کوتوپریی جدییەکان: — 999

ئەمبوڵانس، پۆلیس یاخود خزمەتگوزاری ئاگرکوژاندنەوە

## خزمەتگوزارییەکانی نەخۆش — 0800 0526088

هێڵی یارمەتی نهێنی کە چەندەها کێشەی ئێن ئێچ ئێس لەخۆ دەگرێت




ئەگەر بە ئینگلیزی قسە نەکەیت خزمەتگوزاری تەندروستی دەتوانێت وەرگێڕێك بەکار بهێنێت

NHS Oxfordshire Clinical Commissioning Group

LanguageLine Solutions℠

My preferred language is ______

But I also speak ........................ and need an interpreter to help me communicate with you.

Please call LanguageLine on:

**0845 603 7915**

© Oxford Clinical Commissioning Group. March 2015
Designed by NHS Creative – CS36907.